# کارەساتی هەڵەبجە لە بیر ناکەین!

هاتنی وەرزی بەهار و نەورۆز بۆ گەلی کورد ئەگەر لە لایەکەوە شادیهێنەرە، هاوکات وەبیر هێنەرەوەی گەلێک ڕوداوی تاڵ و خوێناوی مێژوی ئەو گەلەشە. هەر لە نەورۆزی خوێناوی سنە و ڕوداوە خوێناویەکانی دیاربەکر و قامیشلوەوە تا بۆمبارانی هەڵبجە، هەموی درێژەی شانۆیەکە لە خۆڕاگری گەلێکی ڕاپەڕیو لە پێناو وەدەست هێنانی مافەکانی خوێدا.

بەڵام لەم ناوەدا لە هەموان سامناکتر برینی هەڵەبجەیە. کە دروست لەگەڵ پشکوتنی نەرگس و گەزیزە یانی سەرو بەندی ئاوس بوونی دایکی زەوی بە ڕۆڵەی بەهار لە بیست و پێنجی مانگی ڕەشەمەدا ڕویدا. لەم ڕۆژەدابو کە هێزی فاشیست و ڕەگەز پەرەستی بەعسی بارانی مەرگی بە سەر هەڵەبجەدا باراند. هەزاران کەس لە ژن ،پیاو و منداڵ و لاو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بوون بە قوربانی. ئێستاش پاش تێپەڕبونی دەیان ساڵ کەم نین ئەو کەسانەی کە بە برینەکانی ئەو بۆمبارانە شیمیایەوە دەناڵێنن. ئەم کارەساتە لاپەڕەیەکی ڕەشی مێژوی مرۆڤایەتیە کە بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. بۆ ئەوەی چیتر وەها کارەساتێک لە داهاتودا دوپات نەبێتەوە، پێویستە هەمو ساڵێک لەم ڕۆژەدا لە لایەکەوە ڕێز بگرین لە قوربانیانی ئەم کارەساتە و لەلایەکیشەوە نەفرەت و بێزاری خۆمان لە خوڵقێنەرانی وەها کارەساتێک دەربڕین. هەر وەها وەبیری ڕای گشتی جیهانیش بخەینەوە، نەکا تێپەڕ بونی کات گەردی فەرامۆشی بەسەردابێنێ!

بۆ هەمو ئێمەی ڕیبوارانی ڕێبازی پڕ لە شانازی کۆمەڵە و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، ئەو ڕۆژە تایبەتمەندیەکی دیکەشی هەیە. لەو ڕۆژەدا پێشمەرگە قارەمانەکانی گوردانی شوانی کۆمەڵە کە لەو کاتەدا لە ناوچەی هەورامان بوون، لە لایەکەوە کەوتنە بەر بۆمبارانی شیمیایی بەعسیەکان و لە لایەکی دیکەوە گەمارۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە هێزی زۆرەوە بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ عێراق لەشکریان هێنابو. پاش شەڕێکی قورس و موقاوەمەتێکی قارمانانە و بی وێنە زیاتر لە هەشتا کەسیان گیانیان لە دەست دا و بەم جۆرە لاپەڕەیەکی نوێیان لە خۆڕاگری قارەمانانە بۆ کۆمەڵە تۆمار کرد. یادیان بەرز و بەڕێزبێ!

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی دەرەوەی وولات

2010-03-10